چۆمان هەردی:

ئێستا کۆمەڵگایەکی باوکسالاری وا بەرهەمهاتوە، کە دین و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا و فەرهەنگ بەکار دەهێنێت، بۆ ئەوەی توندوتیژی دروست بکات

ڕێبوار ڕەزا چوچانی- هەولێر

***ئەو حاڵەتە توندوتیژیانەی کە لە کۆمەڵگای کوردیدا دەبینرێن، دەیسەلمێنن کە کۆمەڵگایەکی توندوتیژە، بەڵام ئەو هۆکارانە چین کە کۆمەڵگا بە توندوتیژ دەکەن، ئایە بۆ داخرانی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، یان پەیوەندی بە ئەخلاقیاتی مرۆڤەکانیەوە هەیە؟**

- کۆمەڵگایەک دەبێتە کۆمەڵگایەکی توندوتیژ کە توندوتیژی تێیدا بە ئاسایی کرابێت. پرۆسەیەک هەیە کە توندوتیژی دروست دەکات، بۆ نمونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی بەعس، "چونکە زۆر جار دەبێت ئێمە بۆ ڕەگ و ریشەی کێشەکان بگەڕێینەوە". لەو سەردەمەدا بەکارهێنانی توندوتیژی، بەشێک بوو لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمە، بۆ نمونە گرتن و هەڵواسین و ئەشکەنجەدانی خەڵک. جگە لەوە لە کاتی جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا، لێدانەوەی وێنەکانی مەیدانی جەنگ، وێنەکانی توندوتیژی و شکاندنی جەستەی مرۆڤ و خوێن و پارچە پارچە کردنی مرۆڤ و هتد، ئەمانە زۆر بەربڵاو بوون. لە هەمانکاتیشدا بینینی دەرەنجامەکانی توندوتیژی لەناو کۆمەڵگەدا، بۆ نموونە ئەو ژنە ڕەشپۆشانەی کە کوڕەکانیان لە سێدارە دەدران و ئەو گەڕەکانی کە هەمیشە تازییە باربون، ئەمانەش هەمویان هۆکار بون بۆ ئەوەی توندوتیژی ببێتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمە. دواتریش پرۆسەی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و گۆڕەبەکۆمەڵەکان و بینینی دەربازبوانی چەکی کیمیاوی کە چیان بەسەردا هاتبوو، هەمو ئەم حاڵەتانەش پێکەوە پرۆسەیەک بوون، کەوای کرد توندوتیژی بە ئاسایی کرا، دواتر لە ساڵی 1991و لە کاتی ڕاپەڕیندا، دەشێ ئەمە زەنگێکی مەترسیی گەورە بوایە بۆ ئێمە، چونکە لەو کاتەدا ڕاستە خەڵک زۆر دڵیان پڕ لە قین بوو لە دژی ئەمن و ئیستیخبارات و پۆلیسی حکومەتی عێراق، بەڵام ئەگەر بیرمان بێت مەسەلە هەر ئەوە نەبوو کە بیانکوژن، بەڵکو ئەندامەکانی لەشیان دەبڕین. ئەمە تۆڵەسەندنەوەیەک بوو کە ئەوپەڕی توندوتیژی پێوە دیار بوو، هەروەها ئێمە دەزانین مەسەلەی چەکدارکردنی خێڵەکان و کڕینی خەڵک و بە گژ یەکتری کردنیان، پێموایە ئەمانە چەند فاکتەرێکن، کە بەشداریان کرد لەوەدا کە کۆمەڵگایەک دروست بێت، کە توندوتیژی تێیدا ئاسایی بێت، ڕەنگدانەوەشی هەبێت لەسەر ئەخلاقیات و بیرکردنەوەی تاکەکانی.

***بەڵام گواستنەوەی ئەو وێنانەی کە نیشاندەری توندوتیژی بوون، تاچەند بونە هۆکاری تێکشکاندنی مرۆڤ لە ڕووی دەرونیەوە، کە دواجار لە فۆرمێکی توندوتیژدا مومارەسەی ژیانی خۆیان بکەن؟**

-بەمانەوێ و نەمانەوێ ئەو وێنانەی کە دەیانبینین و ئەو گوتارانەی کە دەیانبیستین، تا ڕادەیەک توانای وێناکردنی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکەن، ئەو وێنانەی کە مرۆڤ دەیانبینێت دەبێتە بەشێک لەو وێنانەی کە تەسەورشیان دەکات، کە پێویایە ئاساییە و دەکرێت بشێت کە لە شوێنێکدا دوبارەیان بکاتەوە، بێگومان گاریگەری هەیە بۆ ئەوەی کە ئێمە چۆن وێنای دنیای داهاتوی خۆمان دەکەین، ئێمە ڕۆژانە چی دەبینین و چی دەخوێنینەوە و چی دەبیستین، تێروانینیشمان بۆ داهاتو کاریگەری لەسەر دەبێت لەو ڕێگەیەوە.

*** دوای ڕاپەڕین تونددوتیژی و دوبەرەکیەکان ڕوبەڕێکی تریان وەرگرت، بەو پێیەی کە لە ناو خێزانەکانیشدا توانیان جێگەی خۆیان بکەنەوە، چونکە بەشەڕهاتنی لایەنە کوردیەکان هەوێنی ئەو توندو تیژیانە بوون، بەڵام ئێستاش هەر کاریگەری ئەو ڕەوشەی ئەوکات نییە، کە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تر کۆمەڵگای ئێمە هەر بەردەوام داخران و تونددوتیژی دەڕوات؟**

-کۆمەڵگای ئێمە ئەو توندوتیژیەی بەرهەمهێنایەوە، کە لە سەردەمی بەعسدا فێری بووبوو. توندوتیژیەکان وەکو بازنەیەکی لێهاتبوو. هۆکارەکان زیادیان دەکرد هەتا ساتی پێکدادانی دووحیزب و خوێنڕشتن، دوبارە هێمنیەک دەستی پێدەکردەوە و ئینجا تونددوتیژیەکان سەریان هەڵدەدایەوە بە هەمان شێوەی جاران، وەکو بازنەیەک کە بەردەوام خۆی دووبارە دەکردەوە. بەڵام هەر لە خاڵی دەست پێکردنەوە ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ بەشداری خێڵە جاشەکان لە هەردوو حیزبەکەدا بگەڕێتەوە، پەتپەتێنی نێوان حیزبەکان و ئەو داخوازیەی ئەگەر تۆ دڵم ڕانەگریت من خۆم و خێڵەکەم، دەچمە پاڵ ئەوی تر. لە لایەکی تریشەوە ململانێی حیزبایەتیش کاریگەریی هەبوو لەم بوارەدا. گرنگە لە بیرمان نەچێت ئەو حیزبانەی ئێمە کە لە شاخ بون ئەزمونێکی دیموکراسیان نەبوو. تا ساتی ڕاپەڕین ئەوان پێشبڕکێیان بوو لەسەر ژمارەی خەڵکەکان و لەسەر داهات و دەسەڵات و نفوز. پێکەوە ژیانێکی تەندروست بە هیچ جۆرێک لە شاخەکان دروست نەبووبوو. تۆ شەڕی گەریلایی دەکەیت، شەڕ دەکەیت بۆ مانەوە لەگەڵ دوژمنەکەت و دەوروبەرەکەشت. پێشبڕکێی لەگەڵ حیزبەکانی تر دەکەیت. دێیت لە ناکاو ئەم هەموو شار و زانکۆ و ئیدارە گەورەیەت لە دەستە، چۆن دەتوانیت ئەو پرۆسەیەی کە لە شاخ بە شەڕ و خوێنڕشتن کردوتە لە ناکاو بیکەیت بە پرۆسەیەکی دیموکراسی. ئەمە کاتێکی زۆری دەوێت، وەک بینیمان یەکەمین هەوڵی حیزبەکان سرینەوەی یەکتری بوو، لە گوتاری تونددتیژیانەوە بەرانبەر بە یەک، هەتا قسەی ئەخلاقی و جنێودان بە یەکتری، هەتا بە گژ یەکداچون و کوشتاری یەکتری. ئەمە دڕێژەی خایاند تا کۆتایی نەوەدەکان کاتێک ئەم دوو حیزبە گەیشتنە قەناعەتێک کە ناتوانن یەکتری بسڕنەوە. ئەمەش ماوەیەکی دڕێژ بوو تا ئەو دو حیزبە توانیان لەوە بگەن کە دەبێت یەکتری قەبوڵ بکەن، چونکە ناتوانن یەکتری لە ناو بەرن. بۆیە دەبێت ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە ئەم دوو حیزبە لە ساتی قەبوڵکردنی یەکتریەوە چ کاریگیان کردووە بۆ پێکەوە ژیانێکی ئاسودە. بێگومان هێشتا یەک دنیا کێشە ماوە، چونکە لەوانەیە یاسا و بڕیارەکان بگۆڕێن، بەڵام تێڕوانینی خەڵک و ڕق و کینەیان بەرامبەر بە یەکتر ماوەیەکی دوورودڕێژتری دەوێت. کاتی دەوێت تا ئەندامی حیزبە جیاکان، کە ڕەنگە هەندێکیان برا، خزم یا هاوڕێیەکیان لە بەربەرەکانێی ئەم دوو حیزبەدا دۆڕاندبێ، گۆڕانیان بەسەردا بێت، دڵیان پاک بێتەوە و یەکتری قبوڵ بکەن.

*** لایەنێکی تر کە لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستاش فەرامۆش کراوە لایەنی پەروەردەیە، چ پەروەردەی کۆمەڵایەتی کە کار لەسەر دروستکردن و پەروەردە کردنی مرۆڤ بە پەروەردەیەکی تەندروست بکرێت، چ سیستەمی پەروەردەی خوێندنیش، بەڵام پەروەردە بەم دنیا کەموکوڕیەوە، هۆکارێک نیە بۆ دروستبونی کۆمەڵگایەکی تونددوتیژیش؟**

-بێگومان کاریگەریی هەیە. من نمونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، لە ئەوروپا منداڵ سەعات هەشتی ئێوارە دەبێ لەناو جێگەدا بێت و بۆی نیە سەیری هەندێک فیلم بکات. بۆ نمونە ئەو فیلمانەی کە سێکس یان تونددوتیژیان تێدایە. بەڵام منداڵی ئێمە تا کاتژمێر 2 ی شەو بە ئاگایە، هەرچی فیلمی کوشتار و جەنگ و فلیمی ترسە دەیبینێت. ئەمە بە شتێکی ئاسایی سەیر دەکرێت لێرە. دواتر لە ڕێگای یاری کۆمپیوتەر و ئەتارییەوە شەڕ و کوشتار دەبێتە بەشێک لە ئەزموونی ئەو. هەتا لە ئەوروپا قسەیەکی زۆر لەسەر ئەم لایەنەی ئەم جۆرە یارییانە هەیە کە وەکو وتم زۆر یاری ئەتاری شەڕی نێوان دوو کەسە، ئیتر بە تفەنگ بێت یان بە لێدانی یەکتر. ئەمە بمانەوێت و نەمانەوێت زەبر و زەنگ دەکات بە بەشێک لە ئەزمونی منداڵ، بەڵام لە هەمان کاتدا کێشەکە لەوەدایە، کە منداڵ لای ئێمە کەمتر فێری بەزەیی و میهرەبانی دەکرێت. بۆ نمونە زۆر ئاساییە کە منداڵان بەرد بگرنە پشیلەیەک و چاوی دەربهێنن، یان پەت بخەنە ملی سەگێک و بیخنکێنن. جاری وا هەیە گەورەیەک لەوێ سەیری دەکات و پێدەکەنێت و پێیان ناڵێت ئەو ئاژەڵانە شایەنی بەزەین. هەندێک کەس سروشتی خۆی وایە کە بە بەزەییە، بەڵام هەندێک کەس پێویستە فێر بکرێت کە نابێت ئەو مامەڵەیە لەگەڵ ئەو ئاژەڵەدا بکات، چونکە ئازاری پێدەگات. ئەمە شتێک نیە کە لە کەلتوری ئێمەدا کاری لەسەر بکرێت. لە ئەوروپا کە زۆربەی سەگ و پشیلەکان ماڵێن و لە خێزانێکدا بەخێو دەکرێن ئەم ئاژەڵانە لە مرۆڤ ناترسن. دەبینی لە کوردستان سەگ یا پشیلە هەر مرۆڤ دەبینێ لەدەستی ڕادەکات، چونکە ئەزموونی ئەو لەگەڵ مرۆڤدا پڕبووە لە ئازاردان و بریندارکردن. لای ئێمە منداڵ هەر لە منداڵیەوە دەست دەکات بە وردکردنی ئاژەڵەکانی دەوروبەری. دواتر لە ڕێگەی ئەو کەلتورەی کە تێیدا گەورە دەبێت، دەبینێت باوکی تونددوتیژی بەرانبەر بە دایکی دەکات، برا گەورەکەی لە خوشکە بچوکەکەی دەدات، منداڵی دراوسێکان لە یەک دەدەن و سەری یەکتر دەشکێنن. دواتر سیاسەت بە هەمان شێوە کار لەسەر تونددوتیژی دەکات، فیلمەکانیش کە دەیبینێت، ئەمانە هەمووی کاریگەری هەیە لەسەری. تۆ کە دەتەوێت گۆڕانکاری بکەیت لە بواری پەروەردەدا، دەبێت لەسەر کۆمەڵێک ئاستی جیاواز کار بکەیت، وەک ئاستی ئاگایی کۆمەڵایەتی ناو خێزانەکان کە گۆڕانکاری دەکات لە پەروەردەی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها هێنانەکایەی گۆڕانکاری لە ئاستی خوێندن و گۆڕینی یاسا و بەرنامەڕێژی بۆ ئەوەی کە تونددوتیژی شتێکی ئاسایی نەبێت.

***ئەوەی کە لێرە دەبینرێت، دەیسەلمێنێت کە کارکراوە بۆ گۆڕینی پەروەردە؟**

-من ئاگاداری ئەو پرۆژانە نیم، کە وەزارەتی پەروەردە تا ئێستا ئەنجامی داون، بەڵام وەک دەبینم هێشتا ئاکامەکانی لاوازن، ڕەنگە هەندێک شت کرابێت، بەڵام تا ئێستا بەو شێوازە نەبوە، کە گۆڕانکاری بەدی بهێنێت، یانیش ڕەنگە زۆر زوو بێت کە ئاکامەکانی ببینین.

*** بەڵام پێگەی جوگرافی ئێمە وەهایە، کە کۆمەڵێک کەلتوری داخراو دەوری داوین، دەتوانین بڵێین کاریگەری ئەو کەلتورانە توانیویەتی خۆی بسەپێنێت بەسەر فەزای گشتی کۆمەڵگای ئێمەدا، یان تاچەند کەلتوری ئێمە بواری بۆ تەقەبولکردنی جیاوازیەکان هێشتۆتەوە؟**

- دەشێ هەمەڕەنگی یەکێک لە فاکتەرەکانی بەدیهێنانی دیموکراسی و قبوڵکردنی جیاوازی بێت لە کۆمەڵگاکانی تردا. ئێمە کە دەبینین دراوسێکەمان مەسیحیە یان تورکمانە یان بەشێوەیەک لە شێوەکان جیاوازە لە ئێمە، دەبێت فێری ئەوە ببین کە جیاوازی قبوڵ بکەین، بەڵام بەداخەوە لە کەلتوری ئێمەدا ئەمە زۆر سەخت بوە، چونکە ئێمە حکومەتێکمان هەبوە هەمیشە ئەو جیاوازیانەی بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی خەڵکەکە بە بەردەوامی کوشتاری یەکتری بکەن، ڕاستە عێراق هەر لە سەرەتاوە ناکۆکی هەبوە لە نێوان پێکهاتەکانیدا، بەڵام حکومەتی عێراق هاتوە ئەم ناکۆکیانەی قوڵتر و توندوتیژتر کردوە. بۆ نمونە ئەگەر باسی کەرکوک بکەین، لە ڕووی مێژوییەوە نێوانی عەرەبی شیعە و کورد کێشەیەکی ئەوتۆ نەبوە، بەڵام بەعس کە دێت و تەعریبی کەرکوک دەکات، عەرەبی سونە ناهێتە ئەو شارەوە و عەرەبی شیعە دەهێنێت. چونکە دەیزانی ئەگەر لە داهاتودا کێشە هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کەرکوک، لە نێوان عەرەبی شیعە و کوردا دەبێت. کەواتە ئەو هاتوە ئەو هەمە ڕەنگیەی کە لە کۆمەڵگای عێراقیدا هەبوە، بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی کە شەڕی یەکتری بکەن، هەر کاریگەری ئەو ڕەوشەی ڕابردووە کە سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو ئاین و کەلتورە جیاوازەمان هەیە، بەڵام پێمان سەختە کە جیاوازی قەبوڵ بکەین، ئێمە ئێستا یەک دنیا مەسیحیمان هەیە، بەڵام کە قسە دەکەین دەڵێین "گاوری پێ موسوڵمان دەبوو". واتە هێشتاش کۆمەڵێک گوزارشت هەیە لە زمانی کوردیدا، دەڕیدەخات کە تۆ هێشتا دراوسێ گاورەکەت پێ شتێکی سەیرە، کە لە پەناتدا دەژی.

***ڕاستە ئەو تونددوتیژیەی کە لە عێراقدا هەیە، لوتکەی بێحورمەتیە بەرانبەر بە مرۆڤ، لە ناوئەم حاڵەتەشدا کە مرۆڤ تێیدا دەژی، عیشقی مەرگدۆستی دروست بوە کە ئێمە ڕۆژانە بەرنجامەکانی دەبینین، بەڵام لە بەرانبەر دروستبونی چەمکی مەرگدۆستیدا، مرۆڤ چۆن دەتوانێت گوتاری مانەوەی خۆی هەبێت؟**

- من پێموایە ئەو کوشتارەی لە عێراقدا دەکرێت پرۆسەیەکە بۆ پاکبونەوە، چونکە دنیایەک ڕق و کینە و تۆڵەسەندنەوە و تونددوتیژی دروستکراوە لە ڕابردودا، سەدام سوپایەکی یەک ملیۆنی هەبوو، ئەم هەموو خەڵکە کە فێر کرابون کوشتار بکەن، لە پرێکدا نابن بە ئینسانی دیموکراسی. بۆ نمونە لە جەنگی جیهانی دووەمدا کە نازییەکانیان لەناو برد خەڵکیشیان لەناوبرد لەگەڵی، لە شاری دڕێسدن سوپای هاوپەیمانان پاش بردنەوەی شەڕ بۆمبارانی شارەکەیان کرد کە زۆریشیان لەسەر کەوت. بەڵام بەو شێوازە نازییەکانیان کۆنترۆڵ کرد، چونکە ئەگەر نازییەکان بمانیایەتەوە هێزێکی زۆر کاریگەر بون، نەشیاندەهێشت کۆمەڵگایەکی دیموکراسی دروست ببێت. لە عێراقیشدا بەتایبەتی لە سەردەمی مۆدێرندا ناتوانرێت ئەم هەموو مرۆڤە لە ناو ببردرێت کە ڕژێمی بەعس پەروەردەی کردون لە ڕێگەی سوپاوە یان لە ڕێگەی عەقڵیەتەوە، کەواتە ئەو دەبێت شەڕی خۆی بکات، ئەو دەبێت ئەو پرۆسەیەی کە فێری بوە تاقی بکاتەوە. سەیری کوردستانی خۆمان بکە، ئەو شەڕانەی نێوان پارتی و یەکێتی و ئیسلامی و پەکەکە، ماوەیەکی زۆری ویست تا ئەوان، ئەو ڕق و کینەیەی کە هەیان بوو لە بەرانبەر یەکدا لەگەڵ یەک ساغی بکەنەوە، تا بۆیان سەلما کە ئەوان ناتوانن یەکتری بسڕنەوە، ڕەنگە عێراقیش بەهەمان پرۆسەدا تێبپەڕێت. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە لە عێراقدا ئەم بارودۆخە لەلایەن کۆمەڵێک هێزی توندڕەوی تڕەوە بەکاردەهێنرێت. بۆنموونە ئیسلامیە توندڕەوەکانی ناوەوەو دەڕەوە کە ئەم هەلومەرجە بەکاردێنن بۆ دڕێژەدان بە شەڕی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا. هێزە ناسیونالیستی و ئیسلامیەکان بە بەردەوام مێشکی کۆمەڵێک خەڵک دەسڕنەوە و حەزی مەرگدۆستیان تێدا پەروەردە دەکەن. ئێمە بۆ خۆپاراستن لەم مەرگدۆستیە و بۆ بەرەودان بە گوتاری مانەوەی نەک هەر خۆمان بەڵکو کەسانی دەوربەریش پێویستمان بەوە هەیە کە خۆمان لە هەر ئایدیۆلۆژیایەک بپارێزین کە پێمان دەڵێت سەرجەمی حەقیقەت لای ئەوە. گەر وشیار بین هەر ئەزموونی کۆمەڵگای خۆمان فێرمان دەکات، کە لە سیستەمی ئاینە جیاکان و هەروەها سیستەمی عەلمانی و سیستەمەکانی تردا حەقیقەت جیاوازە و دەشێ مرۆڤەکان بەهاو بیر و ڕا و ڕەفتاری جیایان هەبێت.

*** لە دوای ئەوەی هێزە سیاسیەکان ئەو قەناعەتەیان بۆ دروست بوو، کە ناتوانن یەکتری بسڕنەوە، ئەوەی کە لێرە زیاتر باوە مامەڵەی تونددوتیژە، بیرکردنەوەیەکی تونددتیژ لای زۆربەی ئینسانەکان و هەتا حیزبەکانیش هەیە، ئەی هۆکاری ئەمەیان چیە؟**

- ئەمە دۆخێکی زۆر سەختە کە بە ڕاستی کاریگەری بەسەر ئەخلاقیاتی مرۆڤیشەوە هەیە، بۆ نمونە یەکەمین ڕۆژنامە سەربەخۆکان کە دامەزران، هەموو حیزبەکان دژایەتیان دەکرد، چونکە لە عەقڵیەتی سیاسی ئێمەدا "کە هەر لە سەرەتاوە نزیک بوە لە کۆمۆنیزمەوە"، پێیان وایە هەر بڵاوکراوەیەک هەبێت دەبێت حیزبێکی لە پشتەوە بێت، چونکە باوەڕناکات کە شتێک هەبێت سەربەخۆ بێت، شەڕی بەردەوامی حیزبەکان لەگەڵ ڕۆژنامە سەربەخۆکاندا، ئەوەندەی ترسی دروستبونی حیزبێکی تر و ئایدیۆلۆژیایەکی تربوە، ئەوەندە کێشەی میدیای سەربەخۆ نەبوە. کاتێکیش تێگەیشتن ئەمانە سەربەخۆن و نایانەوێت خەڵک کۆبکەنەوە لە دژیان و نایانەوێت حیزبێکی تر دروستکەن لە دژی ئەوان، شتەکە تۆزێک ئاساییتر بوەوە، من پێموایە هەندێک کێشە هەیە کە کێشەی میژوین بۆ ئێمە ماونەتەوە، کێشەی تێگەیشتن و تێڕوانینی ئێمەیە بۆ شتەکان کە کاریگەرە بە ئیسلام و کۆمۆنیزم، لە ڕاستیدا هەردوکیشیان بە یەک شێوە کاریان لەسەر کۆمەڵگای کوردی کردوە، یەکیان بە بۆنەی برایەتی موسوڵمانانەوە کورد بێدەنگ دەکات، ئەویتریشیان بەبۆنەی چەساندنەوە و پرۆلیتاریاوە، ئەمانەش کاریگەریان هەیە لەسەر عەقڵیەتی سیاسیی کوردی، بەڵام هەندێک جاریش جیاوازی دەبینین لە سەر ئاستی تاکە کەسی ناو دەسەڵات، کە دەبینیت گوتارێکی جیاوازی هەیە، ڕەنگە بەو ئەندازەیەش نەبێت کە ئێمە دەمانەوێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە خەریکە تێگەیشتنێکی جیاوازتر لەوەی پێشوو دروست دەبێت.

*** بەڵام دەستبەسەرداگرتنی هەموو کایەکانی ژیان لە لایەن حیزبەکانەوە، چ کاریگەریەکی هەبوە لەسەر لایەنی دەرونی تاکی کورد، لە ئێستا و لە ڕابردوشدا؟**

-کاریگەری ئەم ڕەوشە دەبێتە هۆی دروستبونی ئینسانی گۆشەگیر، کە دەست لە دنیا دەشوا و تاقەتی نیە و هیچ وەفایەکی بۆ نیشتیمانەکەی نیە، چونکە وا هەست دەکات کە ئەوە نیشتیمانی ئەو نیە. نائومێدبونێک هەیە کە وای لێدەکات، سەری خۆی هەڵبگرێت و بڕوات بۆ ئەوروپا، بەشێکی زۆری گەنجی ئێمە هەر کاتێک بۆی بڕەخسێت دەڕوات بۆ ئەوروپا، ئەمەیە کاریگەری ئەو ڕەوشە کە لە دەستدانی خۆشەویستی و ڕێزی بۆ ئەم نیشتیمانە و کەسانی ئەم نیشتیمانە دروستکردوە، بێزار بونێکی بۆ تاکەکان دروستکردوە کە بەردەوام دەیانەوێت خۆیانی لێدور بخەنەوە و هیچ کاتێک ئامادە نەبن بەرگری لێبکەن. بە پێی کۆمەڵێک تیۆری سایکۆلۆژی و بە بڕوای فێمینیستەکانیش کاتێک دەسەڵاتی تاکەکەس زەوت دەکرێت تووشی نائومێدیەک دەبێت کە دیوێکی تری خەمۆکیە. ئەوە مرۆڤەکان کە بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکان بەرهەم دێنن، هەروەها یاسا و کەلتوور و هونەر. هەر تاکەکانیشن کە کۆمەڵگای بەرهەم هێن یا بەکارهێنەر دروستدەکەن. کاتێک مرۆڤەکان دەرفەتی بەشداریکردن لە پرۆسەی بەرهەمهێنان، پرۆسەی سیاسی و کەلتوریدا دەدۆزێنن، ئیتر فێری ئەوە دەبن کە ئەوان هیچ دەسەڵاتێکیان نیەو لەو پرۆسەیەدا و وردە وردە کۆڵ دەدەن و چیتر هەوڵ نادەن بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری.

*** هەمیشە باس لەوە دەکرێت کە دوو بونەوەر لە ناخی مرۆڤدا هەیە و ئەوان مرۆڤ ئاراستە دەکەن، ئەویش بوونەوەرێکی شەڕانی و بوونەوەرێکی چاکەخوازە، بەڵام ئەوەی پرسیارە لە چ کاتێکدا بوونەوەرە شەڕانییەکە دەتوانێت زاڵبێبت بەسەر بوونەوەرە چاکەخوازەکەدا و ئیتر ڕەنگدانەوەی بەسەر هەڵسوکەوتەکانی ئینسانەوە هەبێت؟**

- وەک باست کرد ئەو سیفاتانەی کە بریتین لە ڕق، تورەیی، تونددوتیژی و خراپەکاری سیفاتی ئینسانین و کەم تا زۆر لە هەموشماندا هەن، لە هەمان کاتدا سیفاتە باشەکانیش. بەڵام چ سیستەمێک ئەو تونددوتیژیانەی لای هەر کەسێک هەیە دەخاتە فۆرمی ئایدیۆلۆژیاوە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیادا، نازییەکان چۆن توانیان 6 ملیۆن جولەکە و قەرەج و کەسانی تر بکوژن، ئەگەر گەلی ئەڵمانییان لەپشت نەبووبێت، یان چۆن توانیان ئەو قەناعەتە لای گەلی ئەڵمانی دروست بکەن، کە ئەمانەی لە ناو دەچن ئینسان نین و مافی ژیانیان نییە؟ چۆن توانیان ئەو سیستەمە دروست بکەن، کە بە ئاسانی ئەو هەموو ئینسانە بخەنە فڕنەوە و بیانبرژێنن و خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری شارەکان، بۆنی سوتانی ئەو هەموو ئینسانەیان دەکرد، بەڵام نەدەبزوان و هیچ ئیحساسێکی ئینسانیان نەدەجوڵا؟ سیستەم و ئایدیۆلۆژیا هەیە کە دەتوانێت مرۆڤ ئاراستە بکات بۆ مەبەستێکی دیاری کراو، بۆنموونە بە دروستکردنی هەستکردن بەوەی کە تۆ قوربانیت. زۆربەی ئەو شوێنانەی کە جینۆسایدیان لێکراوە، ئەو سیستەمە و ئەو حکومەتە وای لە ئینسانەکان کردوە کە هەست بکەن زوڵمیان لێدەکرێت و گروپێک هەڕەشەیە بۆ سەر ئەوان و ئەوان قوربانین. زۆرجار هەڕەشەکەش فیعلی نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوان باوەڕیان وایە کە ئەم گروپە هەڕەشەیەکە بۆ سەر بوونی ئەوان، کە ئەو قەناعەتەش دروستبوو کەواتە ترسێکیش دروستدەبێت، کە ئەو ترسەشی بۆ دروست کردن، ئیتر خۆشی میکانیزمی تونددوتیژی بەکار دەهێنێت و دەسیستەگەری دەکات تا ئەو هەڕەشە وەهمیە بکاتە واقیعێک. بەهەرحاڵ دەتوانێت فۆرمێک ببەخشێتە دۆخەکە بۆ ئەوەی لە ناویان ببات، بەڵام سیستەمی دیموکراسی بە پێچەوانەوەیە، جیاوازی قبوڵ دەکات هەوڵ دەدات کە مافی تاکەکان نەخورێت، پەیوەندی نییە بەوەی کە ئەم کەسانە چین و کێن و چۆن دەژین، گرنگ ئەوەیە بڕیارە جیاوازەکانی خەڵک قبوڵ بکرێت. بەڵام ئەم حاڵەتە ئەوەندەی کە پەیوەندی بە سیستەمەوە هەیە ئەوەندەش پەیوەندی بە تاکەکانەوە هەیە. بۆ ئەم مەبەستە بیریارێکی ئینگلیز دەڵێت "یەکەمین هەنگاو بۆ ئەوەی خراپەکاری ڕووبدات، ئەوەیە کە مرۆڤە باشەکان قسە نەکەن". واتە ڕوودانی خراپەکاریی پەیوەندی بە بێدەنگیەوە هەیە. ئێمە تا چەند بێدەنگ دەبین کاتێک زوڵم لە دراوسێیەکمان دەکرێت کە کورد نییە یان کە موسوڵمان نییە؟ کە ئێمە بێدەنگ بووین ئەو سیستەمەش بەردەوام دەبێت. کەواتە چەند لایەنێکی جیاواز لەو میکانیزمەدا بەشدارن، وەک بێدەنگبوونی ئەو کەسانەی کە ئاگان بەوەی کە زوڵم دەکرێت و دەڵێن من نامەوێت ژیانی خۆم بخەمە مەترسیەوە تا گۆرانکاری دروست بێت. دواتر سیستەمەکەش دەتوانێت ئەو بیروڕایە بەرهەم بهێنێت و بەکاری بێنێت، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو بونەوەرە شەڕانییەی ناخی مرۆڤ زاڵ ببێت بەسەر بیرکردنەوەکانیدا.

***بەڵام زیاتر کام ئاراستەیان زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا بە شێوەیەکی گشتی؟**

-من پێموایە هەردوو لایەنەکەی هەیە، بەڵام بەداخەوە لایەنێکی بە ڕونی دەبینین، بۆ نمونە وەکو ژنکوشتن، تونددوتیژی بەرانبەر بە منداڵ، تونددوتیژی بەرانبەر بە یەکتر، دەبینیت دوو ئوتۆمبیل دێن بەرانبەر بە یەک، هیچیان ئامادە نین بگەڕێنەوە و دەبێت بەشەڕیان، ئەمە لایەنێکی کولتوری ئێمەیە. لایەنێکی ئاشتیخوازیش دەبینیت، بەڵام بە داخەوە لایەنی ئاشتیخوازی لەم بابەتە کۆمەڵایەتیانەدا لە ڕابردودا زۆر زیاتر بوو، بۆ نمونە ئەو ژنکوژیەی کە ئێستا هەیە و کەچێک دەکوژرێت لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ کورێکدا هەبووە، زۆر شتی والە ڕابردودا چارەسەر کراوە و کێشەیەکی وەها نەبوە، بەڵام ئێستا کۆمەڵگایەکی باوکسالاری وا بەرهەمهاتوە کە دین و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا و فەرهەنگ بەکار دەهێنێت، بۆ ئەوەی ئەم تونددوتیژییە دروست بکات. دەشێت بۆ گۆڕانکاری لەم بارودۆخەدا کار لەسەر کۆمەڵێک ئاستی جیاواز بکەین. ئەمەش تەنها کاری حکومەت یان تەنها کاری ڕێکخراوی ئافرەتان نیە، بەڵکو ئەمە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە کە ڕەنگە هەندێک یاسا و کۆمەڵێک هەڵسوڕوای بواری مافی ژن و مافی مرۆڤ دەستپێشخەری تیا بکەن، بەڵام دەبێت چین و تویژی جیاوازی کۆمەڵگا بە ئافرەت و پیاوەوە تیایدا بەشدار بێت.

بە کورتی

چۆمان هەردی لە ساڵی 1974 لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە و هەر ئەوساڵەش لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی ئێران بووە. تا تەمەنی 18 ساڵی لە عێراق و ئێران ژیاوە و لە 1993وە لە بەریتانیا دەژی. هەر لەوێش بەکالۆریۆس، ماستەر و دوکتۆرای لە فەلسەفە و دەروونناسیدا بەدەست هێناوە. جگە لە کاری ئەکادیمی، شیعریش دەنووسێت و خاوەنی دوو کۆمەڵە شیعرە بە زمانی کوردی و دوا بەرهەمیشی بە زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا چاپ بووە، دوو ساڵیشە خەریکی لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ئافرەتانی ئەنفال.